# ئیبن خەلدونی خاوەن بیر

## لە ڕووی مێژوو نووسی یەوە

د. محسن محمد حسین
کولێجی پەروەردە زانکۆی بەغدا

خاوەن بیـــرێـکی مەزن، بەبێ ئارەق دەرنـــاچێت و ، باجی نوودارێتی‌ی خۆی ناچـــار هەردەبێت بقـەبڵێنێت. لەوانـەشـە ئەو باجـە هێـرشێکی ئەنقـەست و ناهـەمواربێت کە بی‌بـرێتـەسەر، بگرە، جاروبار داوای هەڵدانەوەی گۆڕەکەشی دەکەن، نیشانەی جێـگـــای بەرزو باڵای ئەو جۆرە خاوەن بیـــرانــە ئەوەشـــە، کە بەیــەك چاو سەیــر ناکـرێـــن و، هەریــەکــە بە جۆرێـــك لەقـەڵـەمیـان دەدەن، بگـرە هەشـە تاوانیشیـان دەخاتەپاڵ ـ ئیبن خەلدونیش پێشەنگی ئەو خاوەن بیرانەیە (چونکە نە دوکتۆر تاهە حوسەین،[1] یەکەم کەس بووە، ڕەخنەی لێ‌گرتبێت و نە د. نەوال ئەلسەعداویش[2] دواکەس بووە لەو ڕەخنەگرتنەدا).

خۆ ئەگەر بڵێین، لە ناو پشکنینکارانی عەرەب و ئیسلامیشدا کەسێکی وەك ئەم خاوەن بیـــرە هەڵنـەکـەوتـووە کە بەو زۆری‌یـە ڕۆشـــنـــبیـــرانـی بە لای خۆی‌دا کێش کردبێـت، ئەوە هیـــچ زیادەیەکمان نەخستووەتەسەرو چ هەڵبڵێی‌یەکی تێدانی‌یە، تا

ئەو خاوەن بیرە وای لیٚ هات بوو بە خولیای هاوچەرخەکانی[3] خوٚی. هەرچی پشکنینکارە تازەپێگەیشتووەکانیشن، کە دیتیان رۆژاوایی یەکان ئەوەندە بایەخیان پیٚ داوە، ئەمجا گەڕانەوە سەری و دەستیان کردەوە بە خوێندنەوەی بیروباوەڕەکانی، ئەوەندەش پیٚ ی دەنازین، کە لەمەڕ خوٚی و هەموو لایەنێکی بیروباوەڕە پڕ پێزەکەیەوە دەستیان بەنووسین کرد. دواییش گەلێك کوٚنگرەو ئاهەنگ و کوٚڕبەستنیش بوٚ گفتوگوٚکردن لە بارەی بیروڕاکانی یەوە سازکرا. ئەوەبوو، بە نموونە، لە ساڵی 1962دا، لە قاهیرە، ئاهەنگێکی گەورەی بیرکارانەی بوٚ گیرا، لە ساڵی 1979شدا، لە شاری ڕەبات و فاسی وولاتی مەغریبدا یەکدگیری یەکی بیرکارانەش لە بارەی کردەکانی یەوە هاتەدی و، لە شاری تونس و حەڵەبیشدا هەر بەو جوٚرە. دواجاریش ئەو خڕبوونەوە زانستانەو ڕوٚشنبیرانەیە بوو، کە لە بارەی بیروڕای ئیبن خەلدونەوە لە ئەیلولی ساڵی 1983دا، لە (تیهەرت)دا کرا، کە شارێکە، سەر بە جەزایر. دوای چەند مانگێکیش (واتا لە ماوەی ساڵی 1985)دا، وەزارەتی ڕوٚشنبیری و لیژنەی ڕوٚشنبیری ی تونسیش (ئاهەنگێکی جیهانکارانە بوٚ ئیبن خەلدون) سازدەکات.

ئەم بایەخ پیٚ دانە، سەرەڕای ئەوەش کە باسمان کرد - هەمووی، لەوەوە هاتووەتەدی، کە ئەم پیاوە، لە سەدەیەکی ناهەموارو زەمینەیەکی بەیاری ئەوتوٚدا، بازووی لیٚ هەڵماڵیوە، کە باری نالەباری ڕامیاری تاریکایی یەکی ئەوتوٚی بەسەردا هاتبوو، کە ناتوانین ناوی نووسەرێکی هەڵکەوتووی ئەوتوٚ ببەین لە سەردەمی ژیانی خوٚیدا یان پێش خوٚی هاتبێتە مەیدان و ئیبن خەلدون شوێن پیٚ ی ئەوی هەڵگرتبێت و سوودی لیٚ وەرگرتبێت.[4]

خوٚ ئەگەر ئیبن خەلدون لە ڕووی نووسینی مێژوو شێوازو بەرنامەی ئەم نووسینەیەوە هەڵسەنگێنین، بوٚمان دەردەکەوێت کە مێژوونووسێکی لە مێژوونووسانی تر جیاوازی ی هەیە. چونکە ئەو مێژوونووسێکی وەها نەبووە، کە نووسینی مێژووی کردبێت بە پیشە، بەڵکو پێش ئەوەی مێژوونووس بێت، خاوەن بیر بووەو بنچینەی ئیشی ئەوە کاری ڕامیاری بووە. ئەوەبوو ملی لە گێژەنگی ڕامیاری ناو ناوی تێدادەرکردو فەرمانڕەواییشی تاقی کردەوەو هات و نەهاتی یەکەیشی چێشت. لەبەر ئەوە ئەو مێژووەی کە ئەو نووسیوێتی کارێکی لابەلایی بووەو بە شاکاری خوٚی دانەناوەو، لەگەڵ ئەوەشدا دەستی لیٚ هەڵنەگرتووە، چونکە بایەخی مێژوو بەلای ئەوەوە ئەوە بووە کە بە هوٚیەکی زانیوە بوٚ وەدەست هێنانی ئامانجێکی پیروٚز. نەك هەر ئەوەندە، بگرە کتێبی (پێشەکی) یەکەشی کە بەنیازی ئەوەی نووسیبوو تا ببێتە دەروازەیەك یان بەرنامەیەکی کار بوٚ خوٚی کە نووسینی مێژووی لێوە دەست پیٚ بکات، ئەو کتێبەی، ئەنجام، بوو بە شاکاری پڕپێزی هەموو بەروبوومێکی بیرکردی خوٚی و جێگایەکی ئەوتوٚشی گرتەوە کە هەتا هەتایە ناوی وەك ئاڵا پێوەی بلەرێتەوە.

ئیبن خەلدون لە ڕووکاری (المقدمة) (پێشەکی) یەکەیدا دەڵێت: «هونەری مێژوو لەو هونەرانەیە، کە بوونەتە خولیای میللەتان و وەچەکانیشیان، زاناو نەزانیش خوویان داوەتیٚ».
ئەمجا دەڵێت: «مێژوو پڕە لە سەرنج و تێبینی و لێکوٚڵینەوە، پڕە لە لێکدانەوەی ووردکارو دوٚزینەوەی هوٚی بوونەوەران و سەرەتاکانی، زانینێکی قووڵی چەندوچوٚنی و هوٚکارەکانی هەموو شەڕو شوٚڕەکانیشی تێدایە».[5]

ئیبن خەلدون دەیویست لەو کتێبەیدا نەخشەی بنچینەی کارکردنی ئایندە ڕەنگ بڕێژێت، کەچی ئەو هێلانەی کێشابوونی، بوون بە بیرکارێکی مەزن لە مەیدانی کوٚمەڵناسی و فەلسەفەی مێژووو زانیاری ی ئابووری و ڕامیاری و کارگێڕی دا، هەرچەندیشە کە لایەنی مێژوو هێشتا هەر لە دەروونی دا تین وتاوی زوٚربوو، چونکە ئەو بوارە بیرکارەو زانیارانەی کە ڕەسەنایەتی یان تێدا نی یەو بە تەنگیانەوە نەبووە، بایەخیان لە لای ئەو کەوتبووە کزی و ئەوەندە گوێ ی پیٚ نەدەدان کەواتە با بپرسین و بڵێین:

ئایا ئیبن خەلدون لە مێژوونووسین دا گەیشتە ئەو پلە بیرکاری یەی کە خوٚی لە مێژوودا مەبەستی بوو؟ یان بە

سیجەکی روونتر بپرسین: ئایا لەو بەرنامەیەیدا کە خۆی لە مێژوونووسین دا لە سەری رۆیشتووە، توانیویتی فەلسەفە مێژووکرییەکەی خۆی بخاتەکارو لەسەری بڕوات؟. یان، ئایا ...سوی لە کەموکووریو هەڵەی ئەو مێژوونووسانە ...گریبێت، کە لە «المقدمة + پێشەکی» یەکەیدا ...نی کردووە؟

- زیاتر بە ووردی بپرسین و بڵێین: ئایا لە مێژوونووسین دا ...کردی خۆیو کرداری مێژوونووسینی وێك خستووە؟ ئایا ...چەی ئەنجامەکانی دەرهێناوەو بەستوونی بە هۆکارەکانەوە؟

ئیبن خەلدونی خاوەن بیر باسی هەڵەشەیی هەندێك لە مێژووناسە ئیسلامەکان دەکات و دەڵێت:

«کەڵە مێژووناسە ئیسلامەکان لە هەواڵەکانی رۆژگار گمیشتوون و کۆیان کردووەتەوە، لە چەند دەفتەرێکیشدا پەڕە بە پەڕە نووسیویانەو دایاننناوە، ئەوانەش کە هەر لەگەڵ مێژوودا شوناسییان نییە هاتوون، بە هەڵە یان بە دەستی ئەنقەست گەلێك درۆیان تێکەڵ کردووەو، گەلێك بەندوباوو داستانی بێ‌نرخیان داتاشیوەو رازاندوویانەوەو خستوویاننەتە سەری. دوای ئەوانیش گەلێ کەسیتریش ئەو شوێنپێیەیان هەڵگرتووەو لەسەری رۆیشتوون و چۆنیشیان بیستووە وەهایان بۆ گێڕاوینەوەو هیچ سەرنجێکیشیان لە هۆکارو دۆخی شەڕوشۆڕو رووداوەکان نەداوەو، ئەوەندەش بە تەنگەوەنەبوون و هیچ ووتەیەکی نابەجێشیان نەبواردووەو نەیانداوەتەدواوە. چونکە لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە کەم بووەو، چاوێك کە چاککردن و راستکردنەوەی لێ بووەشێتەوە نەبووەو زۆرتر کوێربووە. هەڵەو خەیاڵکردیش هەمیشە خوێش و هاوشانی هەموو دەنگوباسێك بووەو، نەشارەزاییش هونەرەکانی لە باری پانیو لە باری درێژیش ناشیرین کردووە».[6]

ئەمجا یەکە یەکە ناوی مێژووناسەکانی پێش خۆی هەڵدەدات (ئیبن ئیسحاق و طەبەریو ئیبن ئەلکەلبیو واقیدیو ئیبنی عومەری ئەسەدیو مەسعودی)و ناوداریتریش ناودێنێت، ئەوانەش وەکو خۆی دەڵێت: «ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست زیاترنییە». دواییش دەڵێت:

«هەرچەندیشە کتێبەکانی مەسعودیو واقیدی کە موکووریو جێگەی رەخنەیان تێدا هەیە». پاشان لەسەر پۆل پۆل کردنی مێژوونووسان، دەڕوات و دەڵێت: «دوای ئەوانیش لە لاسایی‌کارو مێشك تار بەولاوە کەسیتر نەهات و، لە نافامێکی وەکو ئەوان رێس بەدەر کەسیتر نەهاتە مەیدان.. چونکە ئەوانە ئەگەر باسی دەوڵەتیان بکردایە هەروەکو خۆی رێکیاندەخست و راست بێت و درۆیێت دەیانگێڕایەوەو، ئەو هۆکارو بنەمایانەیان نەدەووت کە ئالآی ئەو دەوڵەتەی راگرتووەو مانەوەیان مسۆگەر کردووە.. ئنجا دەڵێت:

دوای ئەوانەش دەستەیەك مێژوونووسیتر پەیدابوون، کە رووداوو دەنگوباسیان بە کورت و کوێریو نادروستی دەنووسیو بە تەنیا ناوی پاشاکانیان دەهێناو لە باووباپیران و دەنگوباسان دابڕیان دەکردن، وەکو ئەو رەفتارەی «ئیبن رەشیق ئەلقیرەوانی» نواندی.

ئەوانە هەموویان وایان لە ئیبن خەلدون کرد، کە کتێبێکی مێژوو سازبکات، یڵێت: «هۆکارو بنەماکانی دامەزراوەی دەوڵەتان و شارانم تێدا خستووەتەڕوو، لە سەر دەنگوباسی ئەو میللەتانەش دامڕشتووە، کە لەو سەردەمەدا ئەو جێگەیانەی مەغریبیان ئاوەدان کردووەتەوەو حوکمیان کردووە.. هەر دەوڵەتێکی تەمەن درێژ و تەمەن کورتیشیان بوویێت باسم کردوون و، پاشاو کۆمەککارانی پاشایانی پشتاوپشتیانیشم هەڵداون، کە عەرەب و بەربەر بوون.. ئەو سەردەمانە ئەو دوو تیرەیە مەغریبیان کردبووە داڵدەو مەغریب جێگەی ئەوان بوو، بە جۆرێکیش لەوێ دایان کوتابوو دەتوت لەوان زیاتر کەسیتری لێ نییە».

لەمەڕ بەرنامەی مێژوونووسیو ئەو ڕچەیەش کە لە لێکۆڵینەوەدا، کتێبەکەی لەسەر نووسیوە، دەڵێت: «رێگایەکی سەیرم بۆ رێکخستن و بەڕێزنووسین و بەش بەش کردنی، گرتووەو، شێوازێکی سەرسووڕهێنە، لە نێوان شێوازەکاندا، خۆم دام هێناوەو، رچەیەکە خۆم گرتوومەو جۆرێکە خۆم دروستم

کردووە».[7]

دوای ئەم رووکاری پێشەکی‌یەی، ئنجا هاتووە، لە ژێر ناونیشانی.

«چاکی زانستی مێژووەدا، بەشێکی تەرخان کردووە، دوای ئەوەش؛ ناونیشانێکی بچووکتری داناوە کە ئەمەیە:

«لێکۆڵینەوەی رێگەکانی نووسینی مێژووو روونکردنەوەی هەڵەو خەیاڵکردی مێژوونووسان و، باسکردنی هەندێ هۆو بنەمای ئەو هەڵانە»؛[8] لەمەشەوە بە ئاشکرا بەرنامەی هۆشمەندانەی ئیبن خەلدونمان بۆ دەردەکەوێت کە لە رەخنەکاری مێژوودا ویستوویەتی لەسەری بروات و، ئەوەشمان بۆ روونەدەبێتەوە کە لەم رێگەیەدا، ئەو پیاوە، چاوساغ و خاوەن رای خۆی بووە.

کەواتە ئەم خاوەن بیرە، بەگوێرەی توانای خۆی‌و دۆخی ژیان، تەواوێ، ئاگاداری ئەو کارە خەتەرناکە بووە کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی دێنە مەیدانی مێژوونووسینەوە.

نەك هەر ئەوەندە، بگرە لەوەش زیاتر رۆیشتووەو دەفتەری مێژوونووسی مەزن «ئەلمەسعودی»ی هەڵداوەتەوە، کە زیاتر لە چوار سەدو پەنجا ساڵ پێش خۆی[9] ژیاوە، بە راستیش یەکێك بووە لە خولیا لەسەرانی بیری مێژووناسی لە ناو عەرەب و هەموو موسڵمانانیشدا، بە رادەیەکی وەها کە (ڤۆن کریمەر) «هیرۆدۆتی عەرەب»ی[10] ناولێناوەو ئیبن خەلدون خۆشی لە پایەیەکی بالادا دایناوەو ئیمامی مێژووناسانی»[11] پێ‌ووتوە.

رەخنەگرتنی ئیبن خەلدون لە مەسعودی لاپەرەیەکی زۆری کتێبەکەی گرتووەتەوە، تا، جارێکیان بەوە دوایی بە ووتەیەکی هێناوە کە دەڵێت: «ئەم دەنگوباسە لە راستی‌یەوە دوورن، بە قوولاییش پرن لە هەڵەو هەرزەیی‌و خەیاڵکاری‌و، لە چیرۆکی هەڵبەستراویش دەچن».[12] ئنجا دەڵێت:

«ئەوەی لەمانە بە گوێتدا هەڵدەدرێت بروای پێ‌مەکەو، لە دەنگوباسان سەرنج بدەو، لەگەڵ یاسای دروستدا بەراووردیان بکە، زۆر بە باشی بۆت ساغ دەبنەوە».[13] ئەم ووتەیەی ئیبن خەلدون، بێ‌گومان داوایەکی هۆشمەندانەو تەواوەو، نیشانەی ئەوەیە کە زۆر ئاگاداری مێژوو وبووە ئومێدەواریش بوو کە مێژوویەکی ووردکار بنووسێت و هەموو کارەساتەکانیشی بداتەبەر رەخنەو یەکالاکردن و تاقی‌کردنەوەو هەموو گێرانەوەیەکی نامافوولیش پەرکات و بیداتەدواوە. ئەو کۆسپ و تەگەرانەشی لێ‌روون بوو کە کاتی خۆی نەیانهێشتووە مێژوو بە شێوەیەکی راست و دروست بنووسرێتەوە. بە نموونە لایەنگری‌و دامێنگرتنی مەزهەبێکی دیاری‌کراو یەکێك بووە لەو کۆسپانە، چونکە وەکو ئەو دەڵێت: «لایەنگری سەرکوێری‌یە». هەروەها پشت گرتنی کاربەدەستێك و فەرمانڕانێك یان داتاشین بە لای بنەماڵەیەکدا بۆ مشەخۆری، دیسان یەکێکە لەو کۆسپانە، ئەو دەڵێت: هۆیەکی گومڕاهی‌و چەوت رەفتاری‌ی هەندێ مێژوونووس ئەوەیە کە لە بەرپێ‌ی خاوەن پارەو پایەدا دەکەوتە کلکەلەقێ‌و خۆتێ هەڵسوون و، ژیان و پلەو پارەیان پێویستەو هیچی‌تر.

لەوانەشە، مێژوونووس حەز بە شارەزابوون بکات و بیەوێت شتی راست بنووسێت، کەچی دەشکەوێتە هەڵدێری نووسینی خەیاڵکاریشەوە ئەگەر، تەنیا هەر لەم و لەوەوە وەرگرێت و بێ‌نووسێت و عەقڵی خۆی نەخاتەکار، واتا ئەو جۆرە مێژوونووسە لەسەر نووسراوەکانی مێژوونووسانی پێش خۆی دەروات و، بێ‌لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ووتەکانی ئەوان، وەریاندەگرێت و دەیانئووسێت، واتا وەك شتی بەپێزیان لێ‌وەردەگرێت، هی بێ‌پێزو بێ‌بایەخیشیان لێ‌وەردەگرێت و دەیاننووسێت.[15]

لاسایی‌کردنەوەش لە نووسینی مێژوودا وەکو گێرانەوەی زانیاری‌یەکانی شەریعەت نی‌یەو جیاوازە (بە تایبەتیش هی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر) (د. ر). بەڵام ئەوەی راستی بێت، ئیبن خەلدون لە نووسینەوەی مێژوودا، ـ هەرچەندیشە رەخنەی لە نووسینی مێژوونووسانی پێش خۆی گرتووە ـ کەچی لە هی ئەوان بە کردار لای‌نەداوەو رێبازێکی تازەی نەگرتووەو، شتێکی بەکەڵکی دانەهێناوە.

ـت دەبینین مێــژووی هەر لە سەر ناوەڕۆکــە کۆنــەکــەی
ـــەوتەوەو پێشی نەخستووە. بەڵێ ئیبن خەلدون گەر لە شانی
ـێـــەکی)یـەکـەیەوە تێ‌ی‌بروانین تازەخواستێك و نوێخوازێکی
ـەنگێرانەیە، بەلام لە نووسینی کتێبەکەی تری‌دا (کتاب العبر
ـوان المبتدأ والخبر في ايام العرب والعجم والبربر) لاسایی‌ی
ـژوونووسانی پێش خۆی دەکاتەوەو لەبەریان دەنووسێتەوە. بەم
ـێوەیەمان دەردەکەوێت کە ئیبن خەلدون وەکو دوو گیانی ناو
ـەستەو بانێکی دوو هەوا بە ئاشکـرا لەو دوو کتێبــەی‌دا
ـدەنوێنێت، کە پێویستە تێکەڵیان نەکەین و لێکیان بکەینەوە،
ـەرمـان لێ‌بشێـوێت و لێمان تێك بچێت و بکەوینە سەر
ـگەی نەهاتی ئاڵۆزکاوی‌و گومڕاهی.

ـەگەڵ ئەوەشـدا، لە نووسینـەکانی خۆی‌دا، ئەو لایەنانەشی
ـور بەحەڵ بووە، کە پەیـوەنـدی‌ی بە مێژووەوە هەیـە. ئەوەتـا بە
جوێنـێك سەیـری (کتـاب العبـر..)ەکـەی خۆی دەکـات کە:
«کتێبێکە دەنگوباسی هەموو جیهانی تێدایەو، هەموو ستەمێکی
ـقـق و زەقی ئاسـان کردووەو، هۆکارو بنەماکانی کارەسات و
ڕووداوی دەوڵەتەکانیشی خستووەتەڕوو»[16] ئومێدیشی ئەوەبو کە
ئەم کتێبەی بێتە بناغەیەك و مێژوونووسان دوای خۆی
چاوی‌لێ‌بکەن.[17] کەوابێت، لێرەدا، دەبێت بپرسین، ئایا ئیبن
خەلـدون لەم بانـگە هەڵـدانــەیـدا هیــچ سەرکــەوتـنـێکی
دەست کەوت؟ ئەوە زانراوەو ئاشکرایە کە هاوچەرخەکانی خۆی،
هەمــوویــان، بە یەك چاو سەیــریــان نەکــردووەو چونــیــەك
هەڵیان نەسەنگاندووەو لە ناو خۆیاندا، دەربارەی ئیبن خەلدون
زۆر ڕاڕاو جیاوازبـوون.. بگـرە هەندێکیشیان بە سەختی‌یەکی
تەواو ڕەخنـەیـان لێ‌گـرتووەو، هەندێکی‌تریشیان، لەبەر نایابی‌ی
بیــروراکــانی (پێشــەکی)یــەکــەی بە چاوی ڕێــزگــرتنــەوە
سەیریان کردووە، بەلام لە نووسینی مێژوودا چاویان نەپۆشیوەو
ڕەخنەیان لێ‌گرتووە، بەتایبەتیش ڕەخنەیان لەو مێژووەی گرتووە
کە، باسی (مـەشــریق) واتـا مێــژووی وولاتـانی خۆرهـەلات
دەکات کە (عیراق و وولاتی شام دەگرێتەوە). بە نموونە، ئیبن
حەجـەر ئەلعـەسقـەلانی ئەلمیصری‌ی مێژوونووس (م 852ك/
1449ز)، کە خۆی بەڵگـەنـامـەی لەو وەرگرتووەو بە شانوباڵیدا
هەڵــدەداو چاکــەو کرداری باشی دەردەخــات، کەچی لەگـەڵ
ئەوەشدا هێشتا لە نووسینەکانی ئەو مامۆستایەی خۆی بەگومانەو،
ئەوەندەی پێ‌ناچێت و دەڵێت:

ئیبن خەلــدون بە شێــوەیــەکی ڕوون و ڕاست ئاگــاداری
دەنگــوبــاس نەبــووە، بەتـایبـەتیش دەنگـوبـاسی ڕۆژهـەلات.
بەدرودین ئەلعینی‌ی مێـژوونـووسیش (م 855ك/ 1451ز) لە
کتێبــەکـەی خۆی‌دا (عقـد الجمـان في تأريـخ اهـل الـزمـان)
هەروەکو ئیبن حەجەری لێوە نووسیوەو، نووسەری‌تریش هەبوون
کە هەر وایان لە بارەوە نووسیوە.[18]

ئەوانە، کە هاوچەرخ و هاوسەردەمی خۆی بوون، ئەوەبوو بە
چاوی ڕێـزگـرتن سەیـریـان دەکـردو سەریـان لێ‌ی سورمـابوو،
دوایش لە دڵیان گرت و ڕق و کینەیان لە دەروونندا لێ‌ی جۆشاو
کەوتنـە بەربـەرەکـانی‌و جاروبـاریش بە ئاشکرا دوژمنایەتی‌یان لە
دژی بەرپادەکرد. بەلام ئەمرۆ ئەگەر مێژووەکەی بە شێوەیەکی
ڕاست، کە وەکـو هەیـە هەڵســەنگێنین، کە ئێستـا ئەو گێژەنگی
دوژمنـایـەتی‌یـە نەمـاوەو ئەو کەفوکوڵی ڕق و کینەیە نیشتووەتەوە،
دەبــیـــنـیــن کە ئەو خاوەن بیــرە گەورەیــە لە بارەی سەرەتــای
گونـجــانــدنی گێــرانــەوەو باس کردنی ڕووداو، (مــەنتیقی)
باوەڕپێ‌کـردنی‌یـەوە، چەند نموویەکی خستووەتەڕوو پێشکەشی
کردوون و لە بەشی باسکـراوی پێشـەکی‌ی کتێبـەکـەی‌دا «فضل
علم التأريخ وتحقيق مذاهبه..» دەری‌بڕیوە. لەوێ‌دا، ئەوەی
«ئەلمەسعودی»و گەلێ مێژوونووسی‌تریش لە بارەی لەشکرەکانی
«بـەنی ئیسـرائیلەوە» نووسیـویـانـە کە گوایـا موسـا پێغـەمبـەر لە
بیـــابـــانــەکـــەدا، دوای ئەوەی پاکـوپیسی کردوون و چەکی بە
تواناکـانیـان داوە، بە تایبـەتیش بەوانـەیـان کە تەمـەنیان بیست
ساڵان و لە بیست زیاتربوون، دوای ئەم بژارکردنە، ژماردوونی‌و
شەش هەزار کەس یان زیاتر بووبن)،[19]

ئەم ئەو باسانە وەها دادەنیت کە ـ بێ‌گومان ـ ناتوانن خۆیان
لەبـەر ڕەخنـەکاری‌یەکی کاکڵکرددا[20] ڕابگرن چونکە لە ڕووی
جوغــرافی‌و ستــراتیجی‌یــەوە ڕێ‌ی تێ‌نــاچێت و، پێکهێنـانی

لەشکرێکی گەورەی، بەو جۆرە، گەر نەشڵێین، ستەمە دەتوانین بڵێین گەلێك گرانە، بە تایبەتیش ئەگەر لەگەڵ لەشکرانی میللەتانی تردا بەراووردبکرێت کە گەلێك «لە «بەنی ئیسرائیل»یش بەهێزترو فەرمانڕەواتربوون. یان، ئیبن خەلدون، ووتەنی، «لەشکرێك بەو گەورەیی یە، دووره بتوانێت لەو شوێنەدا بکشێت یان بکەوێتە کوشتارەوە».

چونکە «ئەو زەوی یە ئەو فراوانی یەی نی یەو تەنگە»و ئەگەر لەشکرێکی ووها، هەتا چاوبردەکات بە دوو ریز، یان بە سێ ریز، یان زیاتر، بێتەنەبەردەوە، زەوی یەکی فراوان و ماوەیەکی دووری دەوێت. ئەمجا دەڵێت؛: ئەم دوو لەشکرە چۆن چۆنی دەکەونە کوشتارەوە، یان چۆن چۆنی لایەکیان سەردەکەوێت کە قۆڵێکی ئاگای لە قۆڵەکەیتری نەبێت؟ ئەوەی ئێستاش هەیە هەروەهایەو بەڵگەی ئەوەیە، رابوردووش هەروەکو ئایندە وایە». [21] دوایش بەڵگەی بەرێوجێیتریش دێنێتەوەو زیادەووتنی مەسعودی ی پێ بەدرۆ دەخاتەوەو [22] ئنجا دووایی بە قسەکەی دێنێت و هۆی ئەم زیادەووتنە لێك دەداتەوەو «ئەو زیادەووتنە لەوەوە هاتووە کە هەندێ مرۆڤ حەز لە شتی سەیرو سەرسوڕهێن دەکەن و، زمانیش هیچی تێناچێت و، ئەو کەسانەش کە دووی ئەو دەنگوباسە دەکەون و لێی دەکۆڵنەوە گێلن و ئەوەندەش بەتەنگەوە نین». [23] دوای ئەوەش درێژەی دەداتێ و هەندێ گێڕراوەش بە نموونە دێنێتەوە کە مێژووتووسان بە درۆو دەلەسە هەڵیان بەستووە.

ئنجا دەیانداتە بەر نەشتەرکاریی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەو بەرپەرچیان دەداتەوەو بە نموونە، دەڵێت: «تەبابیعە» کە پاشاکانی یەمەن بوون، باکووری ئەفەریقایان داگیرنەکردووەو درۆیە. [24] هەروەهاش نەهامەتیی بەرمەکی یەکان کە هارونەڕڕەشید بەسەریانیهێنا، کە عەبباسەی خوشکی هارونەڕڕەشید درۆیە دڵی لە جەعفەری کوڕی یەحیای کوڕی خالید چووبێت و حەزی لێکردبێت، ئەلڕەشیدیش ئەوەندە جێی باوەڕنی یە کە ئارەق خۆر بووبێت و لەگەڵ سەرخۆشان سەرخۆش بووبێت، ئیبن خەلدون دان بەوەدا نانێت و دەیەوێت نەیسەلمێنێت و بەدرۆیبخاتەوە. [25] هەروەهاش دەڵێت: خەلیفە مەئموونیش ئارەق خۆر نەبووە. [26] دوایش ووتەی ئەو مێژوونووسانەش دەداتەدواوە کە گومانیان لە ڕەسەنی خەلیفە فاتمی یەکان کردووە، [27] هەروەهاش ڕەسەنی ئیدریسی یەکان کە نەوەی حەسەنی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبی تالبن. [28] لەسەر ئیمام مەهدیی سەرۆکی دەوڵەتی موەحیدینیش [29] دەکاتەوەو، ڕای تەواوی خۆشی بەرامبەر بە ووتوواتیتری مێژووش دەردەبڕێت. [30]

ئیبن خەلدون لەمەڕ ئەو دەنگوباسانەی مێژووە دەڵێت: ئەمانە هەموویان لە ڕاستی یەوە دوورن و درۆن، خەیاڵکردێکی کۆنی هەرزەیی و هەڵەن و لە چیرۆکی داتاشراو دەچن [31] ـ لە جێگەیەکیتریشدا ووتویەتی: ـ «بەوانەی بۆت باس دەکرێت بروا مەکە، سەرنجی دەنگوباسان بدەو لێیان ووردببەرەوەو لە سەنگی یاسای دروستی بدە، ئەمجا بۆت ڕووندەبنەوەو بە باشی بۆت دەردەکەون»، [32] جا ئەوانە بە مشەخۆر لە قەڵەم دەدات، کە ئەو ئەفسانانە بە شێوەیەکی بەرێوجێ لێك نادەنەوەو دەڵێت: «کاکڵ و توێکڵ تێکەڵ بووەو ڕاستگۆو درۆزن ڕەشبەڵەکیانە». [33]

ئەم خاوەن بیرە، ئەو نموونانەی بە ڕەخنەکاریی یەکی کاکڵکردەوە هێناوەتەوە تا لە ڕاستیی هەموو دەنگوباسێك دڵنیاببین و پاکوپیسیان بکەین. بەڵام ، هەرچەندە توانیویتی کە ئەفسانە بێڕێوجێ، بە تیری ڕەخنە بپێکێت و، ئەوانەش دابڕبکات کە بەرگەی ڕەخنەی مێژووکرد ناگرن، کەچی بەرامبەر بە هەندێ ئەفسانەیتر، کە خۆی باسیدەکات و، جێگای باوەڕ نییە، بەرگی بێلایەنیی لەبەر خۆی داماڵیوەو تووشی هەمان ئەو لایەنگرییە بووە کە خۆی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لەوەپێش، خوێندەوارانی لێ ئاگادارکردبووەوە. ئەوەتا تەواوی و بە شێوەیەکی ـ دوگماتیکیانە ـ بریار دەدات کە ئیدریسی یەکان «کاربەدەستانی سەدەی دووەم و سێ هەمی کۆچی ـ هەشتەم و نۆهەمی زایینی ـ لە مەغریب» ڕەسەنیان ڕاستەو ووهایە، بەو بەڵگەیەی کە خودا ئەهل ولبەیتی

«هـ البيت» له گوناه ششتـووەتـەوە وەكو قورئان دەفەرموێت، حەرئەوە ڕێی تێ‌ناچێت كە لە ئال ولبەیت «آل البیت» نەبن.

ڕچەی بەرنامەكاریی ئیبن خەلدون هەرچەندە ڕاستە، بەڵام حگەڵ ئەوەشدا، وەكو هەموو مێژوونووسەكانی‌تر، لە نووسینی مێـژووەكـەیدا، بێ هـەڵـەشـەو هەڵە نەبووەو لەو بەرنامەیەی كە خۆی دایناوە، لای‌داوە، چونكـە ڕاستی‌ی تەواوو بێ‌لایـەنی‌ی حەو ئامـانجێكـە، تا مێـژوونـووس پێی‌دەگـات، دەپسێت ـ حوەش سەیـرتـرو ترسنـاكتـریش ئەوەیـە كە ئیبن خەلـدوونیش حرمەتی دەسەڵاتدارانی كردووەو، تا، كە، تەواوێكیش، لێ‌براو حستی‌دایە زانیـاری هێشتـا هەر دەستی لەوان هەڵنـەگـرت و بە حواوی پەیـوەنـدی‌ی لەگەڵیاندا نەبری‌و سوودی لە داڵدەداری‌ی ئەوانـە هەر وەردەگـرت. ئەو لە میصـر ژیـاوەو سوڵتان (ئەززاهیر حرقـوق «الظـاهـر برقـوق» 784 ـ 801ك، 1382 ـ 1399ز) دەڤـەی داوەو چاوی لێ‌ی‌بـووە. ئیبن خەلـدون، كە، خۆی، مێژوونووسان بە ئاگادەهێنێتەوەو دەڵێت: نەكەن «دووی خاوەن پەرەو پایە بكەون و پێ‌یاندا هەڵبڵێن».

كەچی خۆی هەڵ خلیسكـاو بە هەردوو پێ‌وە كەوتـەناوی، ئەوەتا ئەوەی هەڵبەستوو كە گوایا، سوڵتان بەرقوق، بە ڕەسەن، دەچێتـەوە سەر هۆزی غەسســان، بە مەبـەستی ئەوەی كە بە عەرەبی لەقەڵەم بدات و ڕێزێكی زیاتری بۆ برەخسێنێت. جا، هاتووە بۆ ئەم مەبەستە دەستی‌كردووە بە پشكنین و بیركردنەوە، تا، كە زانیی ئەم میرە، لە هۆزی چەركەسە، واتا ئەوانەی كە لە چیاكانی دەوروبەری وڵاتی قەفقاس و ڕووس و لان لە باكوور ژیـاون و نیشتـەجێ‌بـوون، كە گوایـا ئەوانە لەو غەسسانانەن كە كاتی خۆی بە سەرۆكایەتی‌ی (جەبەلە بن ئەلئەیهەم «جبلة بن الایهم»)ی میریانەوە گەیشتوونەتە وڵاتی ڕۆم.. هات و ئەمەی دۆزیـەوەو وتی: ـ دوورنی‌یـە ڕەسـەنیـان تێكـەڵ بوبێت، ئەو چەركـەسـەش كە خۆی بە غەسســان لەقـەڵەم بدات (وەكو ئیبن خەلدون دەڵێت)، ئەوە. هەر لە غەسسانەو، ڕاست دەكات و، ڕەسەنە.[34]

ئیتـر دوای ئەم لێكـدانـەوەیـەی تێكـەڵبـوونـەی ڕەسـەنـە، بە زمـانێكی پێــداهـەڵ گوتنی ئەوتـۆ درێـژە بە نووسین دەدات كە تەواوێ ڕەفتـاری كلكـەلـەقێ‌و ماستاوساردكردنەوەی ناو كۆشكی پاشـایـانی پێـوە دیـارە. ئیبن خەلـدون ئەوەیـە كە ئەو كتێبـە «پێشـەكی»یـە نایابـەی خۆی لە خەڵاتی سوڵتـانی مەغـریب و لئـەقصـا (المغـرب الأقصى «ئـەبی فارس عەبـدولعـەزیـز بن ئەبیلحـەسـەن ئەلمـرینی‌ی ـ دووەم ـ»)دا پێشكەش كردووەو بەم شێـوازەش پیـایـداهـەڵـدەڵێت: ((میری موسوڵمانان، سەرۆكی خۆمان، ئیمامی تێكوشەر، سەروەرو خۆبەختكار، وڵاتان گرو چاكـەكـارو بێ‌گـوزەران و هەژار، بەخشین ڕەفتـار، كۆكـاری زانیـاری‌ی پرشـوبـڵاو، خاوەن ڕای دروست و درەوشـاو، ڕۆڵەی سوڵتـانی گەورەی تێكـۆشــەرو پیــرۆزی سەروەرمـان، نەوەی سەرۆكـانی پایـەبڵنـدی (هـۆزی مرین)، ئەوانـەی كە ئایینیـان تازەكردەوەو زیندوویان كردەوە».

ئیتر بە جۆرێكی ئەوتۆ لەسەری‌دەڕوات و پیایداهەڵدەڵێت تا دوو لاپەڕەی تەواوی بۆ پڕ دەكاتەوەو لە بەرایی كتێبەكەیدا زیاتر لە (250) ووشەی پیادا دەڵێت.[35]

ئەمــەش بەڵگــەیــەكی تەواوی ئەوەیـە كە ئیبن خەلـدون، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی بیركردەوە، بەرنامەكاری‌یەكی ڕاستی بۆ خۆی دۆزیـوەتـەوەو، دانـاوە، كەچی، بە كردار نەیتـوانی ئەو نەخشە ڕاست و دروستەی كە بە دەستی خۆی ڕەنگی‌ڕشتبوو لە گرێ‌و قۆرت و چەوتــوچــەوێڵی ڕاست بكـاتــەوە. ئەو هەڵـەو هەڵــەشـەیی‌یـەی ئەویش تێ‌ی‌كـەوت، یان لەبـەر ئەوەبـووە كە ئەوەندە هەستی بە لای بیروباوەڕەكەی خۆیەوە نەبووە كە دەبوو لێ‌ی لانەدات، یانیش بە هەموو هەست و هۆشی خۆیەوە ئەو ڕێگــەیـەی گرتـووە، كە لە مەیـدانی ڕامیـاری‌دا خەریـك بووەو دەستكەوتی ژیانی خۆی پێ‌دابین كردووەو سوودی ماددی‌ی لێ‌وەرگرتووە.

ئەم باســە ئەوەنــدە كارێـكی ئاســان نی‌یــە، لەم كورتــە لێكـۆڵینـەوەیـەدا بتـوانین ئەوەی ئیبن خەلدون لە دەنگوباسی ناو مێژووەكەیدا دایناوە ڕوونی‌بكەینەوە. ئەو لەو مێژووە فراوانەدا، كە دایـناوە وەكـو مێـژوونـووسانی‌تری پێش خۆی‌و ئەوانەی پاش

خۆی، دوو جۆره کرداری هەیە:

کردارێکی ئەوەیە، کە لەوانەی پێش خۆیەوە وەریگرتووەو نووسیویێتی، کردارەکەی تریشی ئەوەیە، کە تەماشادەکات و تێدەڕوانێت. ئەو پرسیارەش، کە دەیکەین ئەوەیە، ئایا ئیبن خەلدون بە چاکیی ئەوانەی هەڵبژاردووە، کە وەریگرتوون؟ ئایا بەسەر ئەوەدا، کە وەریگرتووەو لەبەری نووسیوەتەوە، هیچ ئەو بەرنامەیەی خستووەتەکار، کە خۆی داوایدەکرد مێژووی لەسەر بنووسرێتەوەو مێژوونووسان بیخەنەکار؟ واتا ئایا ئیبن خەلدون، بەگوێرەی بەرنامەگەرییە تازەکەی خۆی، (بەرنامەی بەکارهێنانی بەڵگەی هۆشمەندانە) لە نووسینەوەی مێژووی سەدەکانی ڕابووردودا، هیچ لە مێژوونووسانی پێش خۆی سەرکەوتوتر بووەو؟ لەوان باشتری نووسیوە؟.

وەڵامی ئەم پرسیارەش وەنەبێ تەواوێ سوودی بەرنامەکەی ئەوەی تێدابێت. هەر بە نموونە: ئیبن خەلدون دەڵێت، لە سەردەمی حوکمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابدا (خوای لێ ڕازیبێت) دەست کرا بە گرتنی وڵاتی مەغریب. ئەمەش خەیاڵکردنێکی سەرسوڕهێنە کە بە مێشکی مێژوونووسێکی گەورەی وەك ئیبن خەلدوندا هاتووە. کە دەشڵێت:

«ژنە زەیوانە مەغریبییەکە» 127 ساڵ ژیاوە، ئەم وتەیەش ـ وەکو خۆی دەڵێت ـ دووبارە هەر ئەوە دەگرێتەوە کە (مرۆڤ حەز لە ئەفسانەی سەرسوڕهێن دەکات)و، ئەوەیە کە خۆی نووسەرانیتری لێ بەئاگا هێناونەتەوە، کەچی خۆی کەوتە ناوی.

ئەوانەی وتمان (شتێکە لە گشتێك)و بەڵگەیەکی تەواون کە ئیبن خەلدون، هەرچییەکی نووسیبێتەوە، بە باشی نەیداوەتە بەر تیشکی ئەو بەرنامەکارییەی کە خۆی سازیکردووە، کە هەوەکو هۆشی بە لایەوە نەبووبێت و لەبیریچووبێت، وابووە.

ئەویش بە چەشنی گەلێك لەوانەی، کە بە دەستی خۆیان بەرنامەی لێکۆڵینەوەیان داناوەو، ڕێوشوێنی بەجێی ڕەخنەکاریی ئەفسانەیان نیشان داوەو، خاوەنی بیردۆزەیەکی تەواوبوون لە فەلسەفەی مێژوودا، کەچی لە لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووکردەکاندا سەرنەکەوتوون و تیایدا کۆڵ بوون.

ئیبن خەلدونیش هەروا بووەو، کەم و زۆر لەوانیتر کەموزیادیی نەبووە، لە ڕووی پێداکوتان و چەسپاویو بەراوورد سەرنج و لێکۆڵینەوەوە هەر وەك ئەوان بووەو بەوانی نەووتووە بچن بەولاوە، بە جۆرێکی وەهاش کە مرۆڤ هیچ هەست بەوە ناکات کە ئەم خاوەن بیرە مەزنە بە شێوەیەکی تازەبابەت مێژووی نووسیبێتەوە.

کەواتە کتێبی (العبر) لە ڕووی گێڕانەوەوە، وەکو وتمان، بێکەموکووڕی نییەو، زۆریشی تێدایە، بە جۆرێك کە بەرگی پڕ شانۆشەوکەتی لەبەر داماڵیوەو ئەو چریسکەیەشی کە تا ماویەکی زۆریش پێوەی دەدرەوشایەوە خامۆش بوو نەما. بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم خاوەن بیرە کە شتێك دەگێڕێتەوەو، بە چاویش دیویەتی، نرخی خۆی هەیەو پشت گوێ ناخرێت، واتا ئەو ڕووداوانەی کە لە چەرخ و سەردەمی خۆیدا دیونی، یان هاوبەشیی لە سازدانیدا کردووە، لە ماوەی ژیانی خۆیدا، وەکو نوێنەرێکی چالاك دەورەکەی خۆی دەخاتەڕوو.

بەمانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئیبن خەلدون مێژوونووس نەبووە بەو مانایەی، کە هەیە، بەڵام لە کارو فرمانی مێژووکردەوە هەنگاوی ناوەو، ئەوەی بە چاوی خۆی دیویەتی، بە شێوەیەکی ووردکاری ئەوتۆمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە گێڕانەوەی ئەم دەم و ئەو دەم گەلێك تەواوترە.

چونکە ئەو زۆرتر بەتەنگ ئەوەوە بووە کە هۆو ئەنجامی ڕووداوەکان ڕوون بکاتەوە، نەك هەر بیانووسێت و هیچیتر. ئامانجیش لە نووسینی مێژوودا، خودی مێژووەکە نەبووە، بگرە مێژووی بە ڕێگەیەك دادەناو بە دەرسێکی دەزانی کە ئەو هەرەسهێنانە گەورەیەی پێ تێبگات کە دیتیو بوو بە لووتییەوە. ئەویش وەکو خەڵکیتر، بە گیانەڵای شارستانێتیی ئیسلام ئێش کەوتە دڵی (ئەندەلوس و، داگیرکاریی ڕابوردووی چاخ دروشمان و، داگیرکاریی مەغوڵ و هێرشەکەی تەیموری لەنگ کە لە ژیانی خۆیدا ڕەوویداو گەلێ نەگبەتیو نەهامەتیتریش) بەمانە هەموی دڵتەنگ بوو.

لەبەرئەوانە، دەیویست، بەو بیرەتیژەی خۆی ئەو یاسایانە

ـــيــتــموه كه شارستـــانـێـتـیـی پێدادەمــەزرێــت و پەرەی
و ـــێـت و دای‌دەکـوتێ و دەشی‌خـات و لەناویشی‌دەبات. جا
ـ ـــو بنەمايانە چۆن چۆنی دەدۆزرێتەوەو دەزانرێن ئەگەر ئەو
ـــتی بە دوویاندا دەگەرێت، لە مێژووەوە دەست پێ‌نەکات،
: ئەگەر لە دەفتەری شارستانێتی‌یەکانەوە بنەماکانی ئەخوێنێت؟

ـو جۆرە مێژوو دەبێتە خەبەرگاو، دەبێتە کوگایەکی گەورەی
ـقر کــردنــەوەی ئەوتــۆ کە یاســاکـــانی ئاوەدانکـردنـەوەی پێ
ـــرێــنــەوە، چونکــە مێــژوو ئەو یاســایـــانــە دەداتــە بەر
ـــتــەرکـاری‌ی لێکـۆڵینـەوەو لێکـدانەوە کە وەکو تیشکێك هەمو
ـوـ و کەلـەبـەرێکی روونـاك دەکاتەوە، یان وەکو خۆی دەڵێت:
«هەموو ئەو رووداوو بارو دۆخانەی مێژوو، خۆی».

سەرچاوەکان: ـ


1 ـ کتێبەکەی د. طه حسین (فلسفه ابن خلدون الاجتماعیة).
2 ـ د. نوال السعداوی (قراءة جدیدة في فکر وفلسفة ابن خلدون محمة التضامن ژمارە ـ 28ی ساڵی 1983.
3 ـ لە دەرفەتێکی‌تردا باسی بیروڕای هاوسەردەمانی ئیبن خەلدون ـ ـە بارەی ئیبن خەلدونەوە چی‌یە، باسیان دەکەین.
4 ـ لەم ڕووەوە بڕوانە (جوستون بوتول، ابن خلدون، فلسفته الاجتماعیة ـ ص ٢٧.
5 ـ المقدمة چاپی (دار الکتاب اللبنانی. بیروت 1979) ل: 2
6 ـ هەمان سەرچاوە لە /3
7 ـ هـ. س. ل: 6
8 ـ هـ. س: ل: 12
9 ـ مەسعـــودی لە دەوروبــەری ساڵی 346ك/ 957ز. دا کۆچی دوایی‌کردووە، ئیبن خەلدونیش ساڵی 807ك/ 1406ز.
10 ـ د. شاکر مصطفی کتێبی (التأریخ العربي والمؤرخون) جـ 2، ل 52 بۆ ئەوەش زیـاتـر لەم مێـژوونـووسـە گەورەیـە بگـەیت، بڕوانە کتێبەکەی د. هادی حمود حسین (منهج المسعودی) چ/ بغداد/ 1984.
11 ـ المقدمة ل/ 52.
12 ـ هـ. س. ل: 18.
13 ـ هـ. س. ل: 20.
14 ـ ل: 58
15 ـ ل: 13
16 ـ ل: 8
17 ـ ل: 53
18 ـ بڕوانە د. عبدالرحمن بدوی (مؤلفات ابن خلدون) القاهرة 1962 ص ل: 281 ـ 188.
19 ـ المقدمة ل: 13.
20 ـ ڕەخنــەکـاری‌ی کاکڵکـرد: بریتی‌یە لە شی‌کـردنـەوەی ئەصلە مێــژووییـنــەکــە تا بە باشی روون بکــرێتــەوە مانــاکـــەی لێــك بدرێتــەوەو لە لێکـــدانــەوەی نووســراوەکـە مانـاکـەی وەربگیــرێت و مانــای پیت بە پیتی دیــاری بکــرێت و مانـا راستــەقینـەکـەشی بزانـرێت و مەبـەستی دانـەری کتێبـەکـەش بزانرێت چی‌یەو چی‌دەڵێت.
بڕوانە. حسن عثمان، منهج البحث التأریخی./ 118.
21 ـ المقدمة ل: 13 ـ 14.
22 ـ هـ. س ل: 14 ـ 16.
23 ـ هـ. س، ل: 16.
24 ـ هـ. س. ل: 16 ـ 19.
25 ـ ل: 26.
26 ـ ل:, 30 ـ 32.
27 ـ ل: 33
28 ـ ل: 37
29 ـ ل: 42 راستی‌ی ڕەسەنەکەشی، ل: 44.
30 ـ ل: 45 ـ 56.
31 ـ ل: 18.
32 ـ ل: 20
33 ـ ل: 46
34 ـ کتێبی (العبر) ج 1 ل: 1011 ـ 1012.
35 ـ المقدمة ل: 9 ـ 11.